# خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە کردەوە
# هەنگاوی یەکەمیان هەڵهێنا

خوێندکارانی کۆلیژەکانی " پزیشکی" ئەندازیاری " یاسا " لە زانکۆی سلێمانی لە دوای 35 ڕۆژ لە"مانگرتن "خۆپیشاندان" نامەی نارِەزایەتی" و دەیان شێوازی تر لە نارِەزایەتی و ڕوبەڕوبونەوە توانیان مل بە دەسەڵات دارانی سلێمانی دابنەوێنن و داخستنی زانکۆی "ئایندە" بکەنە واقعەت. بۆ هەمووان ئاشکرایە لە دوای بێدەنگە لێکردنێکی زۆری دەسەڵاتداران و ڕاگەیاندنەکانیان لە ژێر کاریگەری و ڕاوەستاوەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی چ دەسەڵاتداران و چ ڕاگەیاندنەکانیان نەیانتوانی خۆیان ڕابگرن و ئەو نمایشە بێ وێنەیەی خوێندکاران بشارنەوە یان بچووك بکەنەوە . ئەم هەنگاوە گەورەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی لە بەرانبەر گەندەڵی و فەسادی زانستی و قاچاغچیەتی بە زانست وداهێنانەوە دەتوانێت هەنگاوی یەکەمی پرۆسەیەکی فراوانترو چارەنووس سازتر بێت بۆ بزووتنەوەی خوێند کاری لە کوردوستان و عێراق و ناوچەکەدا . بزووتنەوەی خوێندکاری لە زۆرێك لە ووڵاتەکانی جیهان توانیوویانە کاریگەری لەسەر ڕووداوە سیاسیەکان دابنێن و نەخشیان لە ئاست هاوکێشەکانی ململانێ و کێشمە کێشی دەسەڵاتداران و خەڵکدا جێگاو ڕێگای خۆیان دیاری بکەن ."صین" "ئێران " کۆریا " ئەو ووڵاتانەن کە خوێندکاران هەمیشە سەر مەشق و نیشانە شکێنی ڕووبەڕووبونەوەن لە گەڵ حاکماندا بۆ خواست و داواکاریە کانیان . هەنگاوێك کە لە زانکۆی سلێمانیەوە دەستی پێکرد و هەولێر و بەسرە و دەربەندیخانی گرتەوە توانی ئەو هەنگاوە بێت کە ناسیۆنالیزم و مەزهەبی تێدا تەمێ بکرێت و پێیان بوترێت ڕاوەستن ئەم کۆمەڵگایە بێ خاوەن نیە . بەسە فەسادی ئیداری , بەسە قاچاغچێتی , بەسە سەرکووت, بەسە کردنەوەی مزگەوت و بنکەی فریودان و مێشك داشۆرین.بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە بیلێم وەك پشتیوانێك و بەرگریکەرێکی خواست و ئاواتەکانی خوێندکاران دیاری کردنی هەنگاوەکانی دوای هەنگاوی یەکەمە کە بە ڕەئی من بۆ خوێندکاران و بزووتنەوەکەیان چارەنووس سازە . ئەم کارەی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی سەرەتای کارەو دەبێت ڕەوڕەوەی ئەم ماشێنە چەورترو خێراتر بکرێت . داخستنی زانکۆی ئایندە کافی نیە . زۆر ڕاستە ئەگەر ئامادەی ئێوە نەبوایە دەسەڵاتداران زانکۆکانیان دەکردە مەیدانێکی سەرمایەگوزاری بۆ قازانج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان . بەڵام ئێستاش زۆر شت ماون کە وەك خۆیانن و لە دژی بەرژەوەندیەکانی خوێند کاران و بە قازانجی دەسەڵاتدارانن . دەبێت ئەمانەش کۆتایان پێ بێت مەگەر سیستەمی پەروەردەو فێرکردن هەمان سیستەمی بەعس نیە.مەگەر وانەی مەزهەبی و تەحقیری ئینسانی هەتا ئێستاش سیمایەکی دیاری پرۆسەی خوێندن نیە , مەگەر هەتا ئێستاش دەسەڵاتی سەرو خوێندکاران و چاو سوورکردنەوە بە لێشاو نیە . مەگەر هەتا ئێستاش جیاوازی جنسی و جیاکردنەوەی کوراِن و کچان خەمێکی گەورەی ئیدارەو پەروەردەکان نیە. مەگەر ئایندەیەك کە ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردوستان خەریکن بەدیاری دەیهێنن بۆ خەڵکی پێوویستی بە دەورو دەخالەتی خوێندکاران نیە .قسەکە ئەوەیە کە نابێت خوێندکاران داواکاریەکانیان لە چوار چێوەیەکی بەر تەسك دا بهێڵنەوە. ئەبێت خواستی ئێوە زۆر لە وە فراوانتر بێت کە بە داخستنی زانکۆیەك سنوردار بکرێت . چونکە دەسەڵاتدارانی سلێمانی دەیانەوێت بەر بە بزوونتەوەکەتان بگرن و ئەو هەنگاو قۆناغەی بریوتانە خەتی سووری بۆ دابنێن و پاشەکشەتان پێبکەن .دەسەڵاتداران دەیانەوێت ڕووبەڕووبونەوەی خوێندکاران و خۆیان بکەن بە ڕووبەڕووبونەوەی زانکۆی سلێمانی و زانکۆی ئایندە بەم کارەیان دەیانەوێت ریزەکانی خوێندکاران لاواز و شەڕی ناوخۆی خوێندکاران دروست بکەن . لە کاتێکدا نارِەزایەتیەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بوویە ئەمری واقع و دەسەڵاتداران ملیان پێدا ئێستا خەریکن سیناریۆیەکی ڕەزیلانە دادەتاشن .گوایە ئەم بزووتنەوە فراوانەی خوێندکاران "بەرهەم صالح " لە پشتی وەستاوە و ئەو کۆمەکیان دەکات . ئەم ڕیوایەتانە بەقەدەر یەك سەرە دەرزی نزیکایەتی لە گەڵ ڕاستیدا نیەو دەسەڵاتداران دەیانەوێت تەنانەت نارِەزایەتیەکانیش لەبازنەی دەسەڵاتەکەی خۆیاندا بخولێننەوەو بیشارنەوە کە لە دەرەوەی ئەوان بزووتنەوەیەکی تر بە ئاسۆو ئامانجێکی سیاسی ترەوە

له مەیداندایە . ئێمە هەموومان دەزانین کە شەڕی کوتلەو بەش بردن و سەرکردایەتی کردن لە نێو ئەحزابی قەومی کورد و بە تایبەت " یەکێتی " بە ئەوجی خۆی گەشتووە . بەڵام ئەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیانەو پەیوەندی بە خەڵك و خوێندکارانەوە نیە . ئەی کێ لە پشت خوێندکاران و نارەزایەتیەکانیانە لە هەولێر لە بەصرە لە دەربەندیخان . ئەم هەولانە نەزۆکانەیەو خوێندکاران بزووتنەوەیەکی زیندوو سەراسەریان بە ڕێخستووەو سەوڵ لێدەدات بۆ پێشەوە .

سەرکەووتوبێت خەباتی خوێندکاران بۆ بەدەست

هێنانی خواست و داواکاریەکانیان

هیدایەت مەلا عەلی

Hidayat_malaali@yahoo.com

2005/4/6